Published on *Institute for War and Peace Reporting* (https://iwpr.net)



# عێراقییەکان هیوایان بە ئەنجومەنی پارێزگاکان کەمە

**Author:** IWPR-trained journalists

عێراقییەکان گومانیان لەوە هەیە ئەنجومەنە نوێیەکانی پارێزگاکان بتوانن رەوشی گوزەرانیان باشتر بکەن.
.

پەیمانگای رۆژنامەوانیی جەنگ و ئاشتی لەچەند پارێزگایەکدا لەگەڵ عێراقییەکان چاوپێکەوتنی سازکردووەو پێیان وابووە کە بێکاری و گەندەڵی و سستی لەکارەکانی ئاوەدانکردنەوە گەورەترین بەرەنگارییەکانی داهاتوون. زۆربەی عێراقییەکان کە لەچەند ساڵی رابردوودا ژیانێکی مەمرەو مەژیان هەبووە، وتیان پەرۆشی ئەوەن کە پێشکەوتن ببینن، بەڵام هیواشیان کەمبوو بەوەی بەرپرسانی ئەنجومەنی پارێزگاکان کە مانگی رابردوو هەڵبژێردران بتوانن گۆڕان دروست بکەن.

لەبری ئەوە، عێراقییەکان ترسی ئەوەیان هەیە کە شکستخواردن لەچارەسەرکردنی کێشەکان لەوانەیە دووبارە وڵات بەرەو شەڕ و کوشتار بباتەوە.

ئەو گومانەی عێراقییەکان بەرامبەر بەئەنجومەنە نوێیەکانی پارێزگاکان دەریان بڕی مایەی سەرسامی نییە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو گومانە بڵاوەی بەرامبەر بەسیاسەتمەداران هەیە. زۆرێک لەعێراقییەکان سیاسەتمەداران بەکەسانی گەندەڵ دادەنێن و پێیان وایە زیاتر دڵسۆزی حزب و عەشیرەتەکانی خۆیانن تا خەڵکی عێراق.

بەووتەی چەند کەسێک کە لەپارێزگای کەربەلا بیروبۆچوونیان وەرگیراوە، گەورەترین کێشەی ئەو پارێزگایە بێ کارییە.

حەنان مەسعودی، خاوەنی دەرمانخانەیەک لەکەربەلا، وتی هەستی بەدڵتوندی کردووە کاتێک بینیوویەتی چەند گەنجێک بەڕیز وەستابوون و "بەدوای کەسێکدا دەگەڕان کارێکیان پێ بکات".

"زۆرێک لەگەنجەکانی شارەکەمان پشتگوێ خراون،" مەسعودی وتی. "من بۆخۆم چەندین دەرچوو ئەناسم کەبێ کارن."

مەسعودی دەڵێت ئەو راپۆرتانەی باسیان لەوەکردووە هەندێک لەهاوپەیمانییەکان رەشوەیان داوە بەهاوڵاتیان تا دەنگیان بۆ بدەن، بوونەتە هۆی ئەوەی خەلک زیاتر متمانەی بەحکومەت نەمێنێت.

مەسعودی وتی، "ئەنجومەنی ئێستای پارێزگا دەبێت دەرس لەشکست و ئەزموونی ئەنجومەنی پێشووی پارێزگا وەربگرێت".
"چارەسەر ئەوەیە کۆتایی بهێنرێت بەدابەشکردنی پۆستەکان بەسەر خزمان و چیتر پەیرەوی لەعەشیرەتگەرێتی نەکرێت و کاریش بۆ گشت دانیشتوانی شار بدۆزرێتەوە."

کەربەلا، کە بەلای شیعەکانەوە شوێنێکی پیرۆزە، چەندین هێرشی خۆکوژی لەکاتی بۆنە ئایینەکاندا بەخۆیەوە دیووەو میلشیا شیعەکانیش هەوڵیان داوە کۆنتڕۆڵی بکەن. رەوشی ئاسایش لەپارێزگاکە باشتر بووە، بەڵام دانیشتوانی پیان وایە تەنها چارەسەرکردنی کێشەی بێکاری دەتوانێت ئەو ئارامییە بپارێزێت.

حەیدەر موسەوی، تەمەنی ٣٧ ساڵەو بەیانییەک سەرەی گرتبوو تا بەکرێکاری کار بکات وتی، "گەنجانی کەربەلا کاریان بۆ نادۆزرێتەوە، بۆیە دەکەونە داوی گروپە چەکدارەکانەوە کەجگە لەدەسەڵات پارەیەکی زۆریشیان پێ دەدەن".

"دروستکردنی هەلی کار ئەم گەنجانە لەو گروپانە دوور دەخاتەوە."

نەتەوە یەکگرتووەکان هۆشیاری داوە کە بێکاری لەوانەیە کار بکاتەسەر ڕەوشی ئاسایش. بەپێی ڕاپۆرتی شیکاریی هێزی کاری عێراق کە نەتەوەیە کگرتووەکان مانگی ڕابردوو دەریکرد، ٢٨ لەسەدای ڕەگەزی نێری عێراق کەتەمەنیان لەنێوان ١٥ بۆ ٢٩ ساڵیدایە بێکارن.

هاوڵاتیانی موسڵ دەڵێن لەو پارێزگایەش کە سێیەم گەورەترین شاری عێراقە ئیش و کار کەمە، بەڵام ئەولەویاتی ئەنجومەنی پارێزگاکە بەرقەرارکردنی ئاسایشە. دەڵێن لەموسڵیش، هەروەک کەربەلا، میلیشیاکان پارەیەکی زۆر بەگەنجان دەدەن تا بچنە ریزەکانیانەوە.

"بەبێ بەرقەرارکردنی ئاسایش ناتوانین هیچ پرۆژەیەک لەبواری ئاوەدانکردنەوەو کارەبا و خزمەتگوزارییەکان جێبەجێ بکەین" عەبوڵڵا ئەحمەد، مامۆستای کۆلێژی یاسا لەزانکۆی موسڵ، وتی.

چەندین ساڵەعێراقییەکان گلەیی لەوەدەکەن کەخزمەتگوزارییەکانی وەک کارەبا و ئاو کزن. عێراقییەکان دەڵێن تەنانەت خۆشتنیش، کەکارێکی سادەیە، وای لێهاتووە پلانی چڕوپڕی دەوێت.

لەپارێزگای ئەنبار، کەرۆژگارێک شەڕ کاولی کردووەو لێرەوە لایەنە سوننەکانی دەبێت لەسەر دەسەڵات رێک بکەوتن، هەندێک کەس گەشبینن بەوەی ئەنجومەنی نوێ بتوانێت هەنگاوی باش بنێ لەباشترکردنی گوزەرانی هاوڵاتیان.

"من زۆر گەشبینم بەئەنجومەنی داهاتوو" نەسرە حامد، دکتۆرە لەرەمادی، وتی. "هیوادارم ئەو ئەنجومەنە بتوانێت یارمەتی کەرتی پەروەردەبدات و پارێزگاکەش ئاوەدان بکاتەوە... بەتایبەتی کەئێستا ڕەوشی ئاسایش بەشێوەیەکی رێژەیی جێگیرە."

بەڵام مستەفا ساڵح کوبەیسی، پرفیسۆر لەزانکۆی ئەنبار، وتی ڕەشبینە بەرامبەر بەداهاتووی پارێزگاکە بەهۆی مێژووی خزمخزمانێ و نادیموکراتی پارێزگاکە.

کوبەیسی پێی وابوو "ژێرخانی پارێزگاکە باشبوونێکی کەم بەخۆیەوە دەبینێت کەبەناتەواوی جێبەجێ دەکرێت".

خزمەتگوزارییەکان و ئاوەدانکردنەوە بەشێوەیەکی سەرەکی ئەرکی حکومەتی ناوەند و ویلایەتەیەکگرتووەکان بووە، بەڵام لەوەتەی ٢٠٠٣ پێشکەوتنێکی کەم ڕووی داوە.

ئاژانسی هەواڵی رۆیتەرز ئەم هەفتەیە ڕایگەیاند حکومەتی عێراق بەخێرایی بەرپرسیاریەتیی ئاوەدانکردنەوە وەردەگرێت و تەنانەت پەنای بۆ سوپای عێراق بردووە تا پرۆژەی وەک قیرتاوکردنی شەقام و گێرانەوەی خزمەتگوزارییەکان ئەنجام بدات.

بەڵام چاوەڕوان دەکرێت ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق، وەک نوێترین سەرکردە هەڵبژێردراوەکانی عێراق، بەخێرایی و بەتەواوی داواکاریی پارێزگاکان جێبەجێ بکەن.

هەندێک لەئەندامانی ئەنجومەنی پێشووی پارێزگاکان گلەییان لەوەکردوە کەدەسەڵات و داهاتیان سنووردرابووە لەکاتی جێبەجێکردنی پرۆژەکاندا.

لە پارێزگاکانی بەغدا و بەسرە، کەهاوپەیمانیی سەرۆک وەزیران نوری مالکی سەرکەوتنی گەورەی تیایاندا بەدەستهێناوە، هەندێ کەس هیوادارن حکومەتی ناوەندی دەسەڵاتی زیاتر بەئەنجومەنەکانی ئەو دوو پارێزگایە بدات.

هەندێ کەس ئەوەشیان وت کەهاوپەیمانیی مالکی بەرپرسیار دەبێت لەهەر سەرکەوتن و شکستێک لەسەر ئاستی نەتەوەیی و ناوچەیی چونکە ئەو هاوپەیمانییە جەختی لەسەر دەسەڵات کردبوویەوە.

عەلی جەبار، ٣٠ ساڵەو رۆژنامەنووسە لەبەسرە، کەپارێزگایەکی نائارامەو بێکاری و نەبوونی خزمەتگوزاریی لەو پارێزگایە گەورەترین نیگەرانین، وتی ئەنجومەنی پارێزگاکان دەسەڵاتیان کەمەو "حکومەتی ناوەندی و وەزارەتەکانی بەغدا بەتەواوی هەموو شتێک کۆنتڕۆڵ دەکەن".

بەڵام جەبار دەڵێت، "ئەنجومەنی داهاتووی پارێزگای بەسرە سەر بەهەمان ئەو پارتەیە کە عێراق بەڕێوەدەبات، بۆیە هیچ بیانوویەک نەماوەتەوە".

عومەر عەبدوڵڵا، ئەندازیارەو تەمەنی ٤٠ ساڵەو خەڵکی بەسرەیە، وتی زۆرێک لەعێراقییەکان دژی بەرپرسان دەنگیان دا و جارێکی تریش ئەمە دووبارەدەکەنەوە.

"ئەگەر ئەم بەرپرسانە داواکارییەکانی خەڵک جێبەجێ نەکەن، ئەوا دووبارە هەڵنابژێردرێنەوە،" عەبدوڵڵا وتی.

لەبەغدا، عیماد شەرع و زەینەب ناجی و داود سەلمان بەشداریان لەنووسینی ئەم راپۆرتەکردووە. IWPR رۆژنامەنووسانی راهێنراوی لەپارێزگای بەسرە، بەشداربووە. مەشقکردووەکەی پەیمانگە لە موسڵ، کەلەبەر هۆکاری IWPR عەبدولعەزیم کەریم، موحەریری ئەمنی ناوی خۆی ئاشکرا نەکرد، بەشداربووە لە نووسینی ئەم راپۆرتە.

---

**Source URL:** https://iwpr.net/ku/global-voices/yrqyyhkhn-hywyn-bh-yhnjwmhny-pryzgkhn-khhmh